چووین بۆ لای خەبابی کوڕی ئەرەت -ڕەزای خوای لێبێت- بۆئەوەی سەردانی بکەین (بەهۆی نەخۆشبوونی)؛ وحەوت شوێنی داخ کردبوو

لە قەیسی کوڕی ئەبی حازیمەوە، دەڵێت: چووین بۆ لای خەبابی کوڕی ئەرەت -ڕەزای خوای لێبێت- بۆئەوەی سەردانی بکەین (بەهۆی نەخۆشبوونی)؛ وحەوت شوێنی داخ کردبوو (بۆ چارەسەر وەرگرتن)، ووتی: هاوەڵانی پێشوومان کە مردن، ئەم دونیایەیان جێهێشت وهیچ پاداشتیان کەمی نەکرد (ئەمیش بەهۆی چێژ وەرنەگرتنیان لە خۆشی وڕازاوەیی دونیا)، بەڵام ئێمە ئەوەندە سامانمان هەیە؛ هیچ شوێنێک نادۆزینەوە کە تێیدا خەرجی بکەین جگە لەچاڵنیان نەبێت، ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێمان نەکردایە لە نزا کردن (بۆئەوەی مرۆڤ) بمرێت ئەوا نزام دەکرد (بۆئەوەی بمرم).(قەیس دەڵێت:) جارێکی تر هاتن بۆ لای خەباب ودیوارێکی دروستدەکرد، ووتی: «مسوڵمان پاداشت دەدرێتەوە لەسەر هەموو شتێک کە خەرجی دەکات (لە (قیامەتدا)؛ مەگەر بۆ شتێک نەبێت (خەرجی بکات) لەسەر ئەم دیوارە (بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی.»

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری وە لەفزەکە هین بوخاریە]

خەبابی کوڕی ئەرەت -ڕەزای خوای لێبێت- حەوت شوێنی لاشەی داخ کرا بۆ چارەسەر وەرگرتن، پاشان هاوەڵانی هاتن بۆ سەردانیکردنی ئەویش پێیانی ووت: هاوەڵانی پێشوومان کە مردن، ئەم دونیایەیان جێهێشت وهیچ پاداشتیان کەمی نەکرد لەوەی خوای گەورە بۆیانی ئامادە کردووە لە بەهەشتدا (ئەمیش بەهۆی چێژ وەرنەگرتنیان لە خۆشی وڕازاوەیی دونیا). بەڵام ئەو ئەوەندە سامانی هەیە؛ هیچ شوێنێک نادۆزینەوە کە تێیدا خەرجی بکات جگە لەچاڵنیان نەبێت (ئەمیش بەهۆی زۆری ئەو سامانە)، ووتی: ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێمان نەکردایە لە نزا کردن (بۆئەوەی مرۆڤ) بمرێت ئەوا نزام دەکرد (بۆئەوەی بمرم)، مەگەر لە کاتی فیتنە وتاقیکردنەوە نەبێت لە دینداریدا ئەویش نزا دەکات بەو شێوەیەی لە سونەتدا هاتووە. وپاشان ووتی: مسوڵمان پاداشت دەدرێتەوە لەسەر هەموو شتێک کە خەرجی دەکات (لە قیامەتدا)؛ مەگەر بۆ شتێک نەبێت (خەرجی بکات) لەسەر خانوو دروستکردن (بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی)، چونکە مرۆڤ ئەگەر ئەوەندەی دروستکرد کە بەشی بکات ئەوا لێرەدا پێویستی بە خەرجی زۆر نابێت، بەڵام ئەو پارە زیادەی مرۆڤ خەرجی دەکات لەسەر ڕازاوەیی شتومەکی دونیا لەسەری پاداشت نادرێتەوە، بەڵکو پاداشت دەدرێتەوە بەرامبەر ئەو خەرجیەی کە گرنگ وپێویستە، ئەو خەرجیە پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە کە خانوویەک بێت بۆ هەژاران یان کرێکەی لە پێناوی خودا ببەخشێت، یان هاوشێوەی ئەمانە، لەسەر ئەم کردەوانە مرۆڤ پاداشت دەدرێتەوە، بەڵام زیاتر ڕازاندنەوەی خانوویەک یان هەرمولکێکی تر کە پێویست نەبێت مرۆڤ لەسەری پاداشت نادرێتەوە؛ ئەمیش هاندانە بۆ ئابووری وئیسراف نەکردن (زیادەڕۆیی نەکردن) لە خەرجی پارە وساماندا کە گەلێک سوودی تێدایە بۆ دواڕۆژ ودونیای مرۆڤ، ونەهی کردن لەسەر داخکردن هاتووە بۆ کەسێک ئەگەر باوەڕی وا بێت کە شیفا بەهۆی داخکردنە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وا بێت خوای گەورە شیفا بەخشە ئەوا لێرەدا داخ کردن دروستە، یان نەهی کردنەکە لەسەر کەسێکە کە توانای هەیە چارەسەر وەربگرێت بە جگە لە داخکردن بەڵام داخکردنی پێش چارەسەرەکانی تر خست وداخکردنی نەکرد بە کۆتا هۆکاری چارەسەر.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6011